قیدیی سیمنارەکەی بەرز کاوە جباری لە شاری تەرەنتە

سیمنارەک لە شاری تەرەنتە
دەنگەکان لە درێژەی کارە ڕۆشنبیری و
هونەرەکانیدا، هەستا بە ڕەکخستنی
سیمنارەک بە بابەتی:
کاوە جباری
لەژێر ناوی
پشتکردن لە ئایدەلەژیا و بیرکردنەوەی نەگۆ،
هاوکێ بە کرانەوەی زیاتر لە کۆمەڵگەدا.

قسەوباسکانی سیمنارەکە

قیدیی دووەم ... موداخەلەی ئامادەبووان...

ئەو پیاوەی هەر ناوهێنانی، (دیوانی نالی)مان بیردێنتەوە! بە تەنیشت محەمەدی مەلا کەریمەوە

هێمن خورشید

ماوەیەك بوو لە شاری سلێمانی دوور بووم، هەڵك هاتە پێش و سەرکی ئەو شارەم دا، هەر ئەو ڕۆژەی لە هەولێرەوە بەڕێ کەوتین، بیرم کردەوە ئەو دوو ڕۆژەی لەوێ دەبم، لەپەنای ئەنجامدانی کارە سەرەکییەکەمدا کە مەبەستی ڕێشتنم بوو، دەبێت سەری یەك دوو کەسایەتییەکیش بدەم، یەکێك لەوان بەڕێز محەمەدی مەلا کەریم بوو. لە ڕێی حەیدەر عەبدوڵاوە ژمارەیەکم دەستکەوت و تەلەفوونم بۆی

کرد، که وەڵامی دایەوە لە دەنگی ئا وا دیار بوو پێشتر شتێکی لەبارەی نیازەکەمەوە زانیوە، پێی گوتم ئەگەر بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنە بۆوا ناکەم شتێکی ئەوتۆت لە باوکمەوە دەستبکەوێت، چونکە دۆخی تەندروستیی باش نییە و زۆر شتی بیرنایەتەوە، وەڵێ ئەگەر تەنها بۆ سەردانیکردنە، ئەوا بەخێر بێیت و دوای بانگی عەسر دەتوانن بڕۆن.

ئێوارەی ڕۆژی شەممە 13ی حوزەیرانی 2015 لەسەر وادە و هاوڕێ لەگەڵ دوو هاوڕێی پزیشکمدا بەڕێکەوتین، د.هەڵکەوت کە من بۆ خۆشی پێی دەڵێم ئینسایکلۆپیدیای بێدەنگ، ئاخر سروشتی وایە زۆربەی کات بەئارامی دادەنیشێت و کەسێ ئەگەر پێشتر نەیناسیبێت وا دەزانێت هیچ نازانێت، کەچی پرسیاری دەربارەی هەرشتێ لێ دەکەیت، هێندە بەوردی وەڵام دەداتەوە، پرسیارکەر سەری سوڕدەمێنێت. د.زمناکۆیش کە هاوڕێ پزیشکەکانی وەک ڕۆز و خۆشەویستییەك زۆرجار بە مامۆستا بانگی دەکەن، من پێی دەڵێم مامۆستای گەشتوگوزار، ئاخر ئەو هێندە حەزی لە گەشتکردن و بینینی ناوچەی دوورەدەستی ئەم کوردستانەیە، هەنگە هاوتای کەم بێت، باسی هەر دەڤەرێکی بۆ بکەیت، دوو سبەی کەمەڕ هاوڕێی قایل دەکات و گەشتکیان بۆ ڕۆکدەخات و پێکەوە خۆیانی پێ دەگەیەنن.

سواری ماشێن بووین و تەلەفوونمان بۆ ژمارەی مالی مامۆستا محەمەد کرد، شیرین خانی هاوسەری هەیگرت و زۆر خانەدانانە و میوانەوازانە وەڵامی دایەوە و بەشوەیەکی ورد ناونیشانی داینێ. وەختێ گەیشتین شیرین خان فەرمووی لێ کردین و بەرەو ژووری دانیشتن ڕێنمایی کردین. کە وەژوور کەوتین کاك مەحەمەد لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، بەووێکی خۆشەوە پێشوازیی لێ کردین. مالیان لەو مالانە بوو کە لەگەڵ وەژوورکەوتندا دێت دەکرێتەوە و هەست بە غەریبی ناکەیت تێیدا. دەگوترێت نان وە ووی خاوەن مالەوە دەخورێت، ووخۆشی و گەرموگوڕیان وای کرد زوو بکرێنەوە، وەك ئەوە بوو ساڵانێك بێت ناسیاوی یەکدی بین و هاموشۆمان لەنێواندا هەبێت.

حەمەی مەلا کەریم بۆ زۆربەی خوێنەرانی کورد ناوێکی ئاشنایە و کەسێك ئەگەر تەنیا دیوانەکانی نالی و مەحوییشی خوێندبێتەوە، چاوی بە ناوی وی و پێشەکینووسینی وی و پەراوێز و لێکدانەوەکانی وی لەسەر ئەو دیوانانە کەوتووە.
تا چەند ساڵێك لەمەوبەر من تەنانەت وێنەیەکی ووونیشیم نەدیبوو، بۆیە لە زەینمدا وێنەیەکی خەیاڵیم بۆی کێشابوو. لێ بەم دووایانە

دەمبینی خەکەك دەچوونە لای و وێنەکانیان لە تاە کەمەایەتییەکاندا بڕاودەکردەوە، وێنەی ڕاستەقینەیم دیت و وێنە زەینییەکەی پڕشوەختم تازەك لەق بوو، وەڵێ ئەوەیش تەنیا عەینەلیەقین بوو و هێشتا هەقەلیەقین نەمبینیبوو، کە لە نزیکەوە دیتم زیاتر ناسیم و بەم دەرکەوت پیاوێکی هەتا بنی خاکی و خەمانەیە و بە هەق کوێی مەلای مودەرێسە. سەرچاوە زانستییەکان ئاماژە بێ ئەوە دەکەن زەر جار دەستی بەماوە و پەروەردەی قەناغی منانی درێژترە لە دەستی ژینگەی قەناغەکانی دواتری تەمەنی مرۆڤ!

ئەو لەسەر کورسییەك دانیشتبوو، ئەگەرچی توانای ڕۆکردن و هەستانەوەی بەباشی نەبوو، گەرچی پڕشوەخت دەمزانی تەمەنی لە سەرووی حەفتاوەیە، کەچی هێشتایش باوەڕم نەدەکرد لەو تەمەنەدا بێت، ئاخر زەردەخەنەیەکی کانی چەشنی خەندەی تازەلاوی، بەردەوام لە ڕوخساریدا خێی پیشان دەدات. نازانم مرۆڤ چییە و ئەو هەموو هونەرە چییە کە خودا لە دروستکردنیدا بەخەرجی داوە؟ ئەو ئەفسوونە چییە کە لە دەموچاوی هەندێکاندا هەیە و لە هی هەندێکی دیدا نابینرێت؟ کە سەاومان کرد، بەر لەوەی بزانێت کێین و هەسوکەوتمان چۆن دەبێت لەگەڵی، زەر بەگەرمی پڕشوازیی لێ کردین، هەرسێکمان بەرانبەری دانیشتین. خاتوو شیرینی هاوسەری دوای ئەوەی بەخێری هێناین، ژوورەکەی بەجێهێشت. قەیرێك ئارامی ژوورەکەی داپڕشی، نە ئەو قسەی کرد و نە ئەمە، دوو هاوێکەم جارجار بە لاچاو تەماشایەکی منیان دەکرد، وەك ئەوەی بڵێن ئەوە بێ هیچ ناڵێیت؟ وردەوردە دەمی دەرکەی قسە کرایەوە.
لە شۆن و پیشەمانی پرسی، کە من گوتم دەرونپزیشکی (تووبیی نەفسی) دەخوێنم، دواتر دوکتۆر هەکەوتیش گوتی: منیش هەمان شت دەخوێنم، بزەیەکی کرد و گوتی: چییە بە طوبی نەفسییەوە گرتووتانە؟!
دواتر دوکتۆر زمناکێ گوتی: من هەناوی (باطنی) دەخوێنم، بەپێکەنینەوە ئەو پرسی: ئەی کەستان زاهیری (ظاهیری) ناخوێنن؟
حەزم دەکرد لەبارەی زەر کەس و ووداوەوە لێی بپرسم، وەڵێ هەستم کرد وەك پڕشتر لە تەلەفووندا کۆەکەی پێی گوتبووم، بەباشی نەیدەتوانی وەڵامی پرسیارەکان بداتەوە، ئەگەرچی وەك پڕشتر باسم کرد، زەردەخەنە بەردەوام لەسەر لێوی بوو و وای پیشاندەدا وەك زەمانی گەنجێتی بەگوێە، بەس تەمەن کاری لێی کردبوو و وا دەردەکەوت قیتاری لەبیرچوونەوە نزیکی وێستگەی ژیانی بووبێتەوە. هەر پرسیارێکمان لێی دەکرد، بەکورتی وەڵامی دەدایەوە و وەڵامەکانیشی گشتی و دوور لە وردەکاری بوون، لەو ساتەدا ڕەك ماڵی دوکتۆر کەمال مەزهەر و سەردانەکەی چەند مانگ لەوەوبەری خەمانم

بیرکەوتەوە، بۆیە بۆ ویستی خۆم چوومە سەر باسی مالی وان، هاوسەرەکەی پرسی: ئەی توخوا کە ئێشتن بۆ لای، تەندروستیی چۆن بوو؟ منیش گڕامەوە کە تووشی لەبیرچوونەوە بووبوو و نەیدەتوانی بەباشی وەڵام بداتەوە. هەر کە ئەمەم گوت، کاك محەمەد دەستی بە گریان کرد. خاتوو شیرین گوتی: "لەگەڵ دوکتۆر کەمالدا زۆر هەفیق بوون، د.کەمال زۆر بەیانیان کە دەچوو بۆ دەوام، مالی ئێمە لەسەر ڕێگەیدا بوو، لای دەدا، بۆ ئەوەی لەگەڵ حەمە پێکەوە قسە بکەن. زۆر یەکتریان خۆشدەوێست".
من دەمزانی بەشێکی گریانەکەی بۆ دوکتۆر کەمالە، لێ بەشەکەی دیکەی بۆ حاڵی خۆی و بۆ گوزەری زەمانە و بۆبایەخیی دنیایە!

پرسی ژنتان هێناوە؟ بۆ خۆشکردنی ئاگری باسەکە، گوتم: ئەم دوو هاوڕێیەم نەیانهێناوە، پزیشك زۆربەیان دەرەنگ ژن دەهێنن، تۆ ئامۆژگاریی چییان دەکەیت؟ بیهێنن یان نا؟
گوتی: کە بۆیارە ژن بهێنن، زوو بیهێنن باشترە، دەرەنگ ژنهێنان خۆش نییە.. دواتر زانیم خۆی لە عومرێکی گەورەدا ژنی هێناوە.
هاوسەرەکەی کە تەمەنی زۆر لە تەمەنی خۆی گچکەترە، گوتی: "کاتێ شووم پێی کرد، زۆر کەس بە لایانەوە سەیر بوو. من لە خۆزانێکی شیوعی بووم، ئامادە نەبووم شوو بە هەموو کەسێ بکەم، ئەم زۆر باش بوو، کراوەبوو، باوەڕی بە ئازادیی ژن هەبوو، دڵی پیس نەبوو..".
ئینجا بە پێکەنینەوە گوتی: "من لە خۆشیی کتێبەکانیدا شووم پێی کرد، ئەو کات زۆر منا بووم. ئەوسا و ئێستایش زۆر حەزم لە خوێندنەوەیە". پرسیم: ئەی مامەڵەی لە ماڵەوە چۆن بوو؟ ئێستا چۆنە؟ ئارام دیارە. پێکەنی و گوتی: "زوو تووڕە دەبێت، بەتایبەتی وەختێ بە دوای شتێکدا بگەڕێت و دیار نەبێت، بەس دڵی هیچی تێدا نییە، زوو ئاشت دەبێتەوە.

دواتر گوتی: "ئەم زۆربەی کات هەر خەریکی خوێندنەوە و نووسین دەبوو، هەر گەنجێك نووسینێکی بهێنایە بۆ لای بۆ ئەوەی تەماشای بکات و پێیدا بچێتەوە، دڵی نەدەشکاند و دەیگوت: گوناحن، گەنجن.. ئەوەندە کاری بۆ خەڵك کردووە، بۆ خۆی نەیکردووە". ئینجا گوتی: "زۆر کەڕەت کە میوانمان دەهاتن، خۆم بە دەمیانەوە دەبووم یان منا داوای شتێکیان کردبا هەر خۆم بۆم ئەنجام دەدان، لەگەڵ ماڵی براکەمدا دەیانمبرد بۆ گەشت، دەموت حەمە گوناحە با خەریکی کاری خۆی بێت، دەمزانی حەزی لە ئیشەکەیەتی".
گوتم: هاوسەرەکەی دوکتۆر کەمالیش وەك بەرێز زۆر یارمەتیی مرۆدەکەی دەدات، هەردوویان خۆشبەختن. پێکەنی و هیچی نەگوت.

لەبارەی مامۆستای مودەریسەوە پرسیارم کرد، مامەڵەی چۆن بوو؟ لە کۆتایی عومریدا توانای مابوو یان نا؟ تووشی لەبیرچوونەوە بووبوو یان نا؟ کە وەفاتی کرد هەستت بە چی کرد؟ هەر وەك پرسیارەکانی لەوەوپێش، بەکورتی وەڵامی دایەوە، گوتی: من لە زووەوە لەگەڵ باوکم و فاتیحی برامدا کارمان لەسەر دەستنووس و دیوانی شاعیرانی کۆن دەکرد، تا کۆتاییەکانی تەمەنیشی هەر لەگەڵی بووم، بەس کاتێ مرد لە لای نەبووم. ڕاست بوو تەمەنی خۆی کردبوو، بەڵام پێم ناخۆش بوو مرد، حەزم دەکرد زیاتر بمایە..
شیرین خان گوتی: مامۆستا (مەبەستی مامۆستای مودەریس بوو) کە جارجار دەهات بۆ ماڵەوە، لەبەر خۆیەوە گۆرانیی دەوت و بانگی منااڵەکانی دەکرد، هەنێ جاریش ڕاوی (ژیوار)ی دەنا، ئەویش هار بوو خۆی لە دەستی ڕادەپسکاند، گوێی (بەیانی) دەگرت وایدەزانی ژیوارە، ئەمیش هاواری دەکرد باپیرە من ژیوار نیم"!
لە پەیوەندیی خۆی بە هەندێ لە نووسەرە عێراقییەکانەوە پرسیارم کرد، گوتی: لەگەڵ عەلی وەردی پێکەوە دانیشتووین، دۆستم بوو. کتێبمان پێشکەشی یەکتر دەکرد. پرسیم چۆن لە کوردی دەڕوانی؟ گوتی: بیرم نایە قەت باسی کوردی کردبێت. گوتم ئەی هادی عەلەویت دەناسی؟ گوتی: زۆر ڕەفیقم بوو.

لەبارەی هەژار و هێمن و شوکر مستەفاوە پرسیارم لێ کرد، دەیگوت: لەگەڵ هەموویاندا دۆست بووم، پێکەوە دادەنیشتین.. لەبارەی شوکر مستەفاوە گوتی: کوردییەکی باشی دەزانی.
دەمزانی بە ناوهێنانی ئەو دڵخۆش نییە، چونکە پێشتر لە یەك دوو دیدارِدا بینیومە خۆی لە باسکردنی بواردووە، وەڵێ گوتم با ڕووبەڕوو لە خۆی بیبیستم، پرسیم دەربارەی مەسعوود محەممەد چی دەڵێیت؟ وەك چاوەڕێم دەکرد، کەمێك دەموچاوی دا بە یەکدا. یەکێ است گوتی: دژی مارکسیزم بوو. بۆ دژایەتی مارکسیزمی دەکرد؟ گوتم: ئەی خۆ عەزیز محەمەد لەگەڵی دۆست بوو! سەرِکی با دا و گوتی: دۆستایەتی شتێکە و خۆشەویستی شتێك! زانیم باش وایە دریژەی پێ نەدەم، بۆیە چوومە سەر پرسیارِکی تر.
پرسیم ئەی دەربارەی دوکتۆر زەمی چی دەڵێیت؟ گوتی: زۆر خۆنەواڕە. دەستی بۆ سەر مێزِکی ئەولای درێژکرد و گوتی: ئەوە کتێبەکەیەتی بۆی ناردووین، نیوەیم خوێندووەتەوە، ئەو نیوەکەیشی دەخوێنمەوە. تەماشام کرد ژیاننامەکەی بوو. پرسیم: یەعنی تا ئێستایش ئاوها دەخوێنیتەوە؟ گوتی: **دەخوێنمەوە، بەس چاوم یارمەتیم نادات.**

لە ناو و ژمارەی کتێبەکانیم پرسی، بەباشی بیری نەمابوو. پرسیم: جاران مارکسی بوویت، ئێستا چۆن بیردەکەیتەوە؟ گوتی: ئێستایش مارکسیم، زۆر موعجیبی مارکسم و بەڕاستی دەزانم. من و فاتیحی برام هەردووکمان باوەڕمان بە مارکسیزم هەبوو.
گوتم: ئاخر کەسانێك هەبوون کاتی خۆی چەپ بوون، ئێستا بەرەو سۆفیگەری ڕۆیشتوون. لەو کاتەدا ناوی فەرهاد شاکەلیم بە بیردا هات، وتم خۆ شاکەلی دەناسی؟ گوتی: فەرهادم دەناسی، کاتی خۆی گۆڤاری مامۆستای کوردی دەردەکرد، بەس لە زووەوە نەمدیوە، ئینجا گوتی: گەڕانەوە لە **مارکسیزمەوە بۆ سۆفیگەری شتێکی بێمانایە!**

پرسیم: ساڕانێکە باسی دیوانی سالم دەکەیت، چی بەسەر هات؟ گوتی: کاتی خۆی لەگەڵ باوکم کارمان لەسەری دەست پێ کرد، ئێستا کارەکانی تەواو بووە و بڕیارە چاپ بکرێت. –کتێبەکە دوای ئەو دیدارە بڵاوبوویەوە-
لەبەر گەرمیی دەمەتەقێکە و ڕووخۆشیی خاوەن ماڵ، ئاگامان لە کات بڕا و کاتێکمان زانی لە خۆڕئاوا نزیکبووینەتەوە. چەند وێنەیەکمان گرت و ڕوخسەتی ماڵئاواییمان خواست.
لە ژووری دانیشتن دەرچووین و هێشتا لەناو حەوشەدا بووین، گوێمان لە دەنگی گۆرانییەکی هێواش بوو، هاوسەرەکەی پێکەنی و گوتی: "ئەوە خۆیەتی، جارجار ئاوها لەبەر خۆیەوە گۆرانی دەڵێت". هەمووان پێکەوە پێکەنین و لە حەوشە دەرچووین.
محەمەدی مەلا کەریم کوێی مامۆستا عەبدولکەریمی مودەڕیسە، ساڵی 1933 لە بیارە لەدایکبووە، تەمەنێك لە شاری بەغدا ژیاوە، ساڵی 1988 ژنی هێناوە، دوو کوڕ و کچێکی هەیە، لە شاری سلێمانی دەژێت.

• ئەم نووسینە ساڵێك و سێ مانگ لەمەوبەر نووسراوە.
• ئەمڕۆ یەکشەممە 12ی ئاداری 2017 هەواڵی کۆچی دوایی لە میدیاکانەوە بڵاوبوویەوە. ڕەوانی شاد بێت.

کێ دووڕووە؟ دیکتاتۆر یان

دیموکراتیخواز؟ … بەختیار محەمەد

چاوش ئۆگلۆ (وەزیری دەرەوەی حکوومەتی ئاکەپە) ئەمڕۆ لە فەرنساوە، لەناو جەرگەی ژیاری ئەوروپاوە، هێرشی توندی کردە سەر هێندا و ئەوروپا و بە دووفاق (دووڕوو) وەسفی کردن و لە قەڵەمی دان و وەك هەموو ئیسلامییەکی لووتبەرز و فاشیست و هەگەزپەرست، کە لە ماڵی خانەخوێدا خۆیان بە خاوەن ماڵ دەزانن و خاوەن ماڵی ڕاستەقینەش بەڕ تاوانبار؛ ئەویش بە هەمان ڕێتم (لەبەردەم جالیەی تورکی لایەنگرانی) دژی ئەوروپاییەکان گوتارێگی ئاگرینی پڕ لە درۆ و بوختانی دا.

ئەو زیرەکانە، بەڵام فاشیستانە گوتی ئەو کارەی هێندییەکان کردیان، دژی موسڵمانان و تورکەکانە. ئەوان لێرە هەم بە یادەوەری عوسمانلیان دەژین، هەم دەیانەوێ گشت شەقامی ئیسلامەتی بکەنە دژی ئەوروپاییەکان و لە هەمان کاتیشدا بیانکەنە هاوسۆز و لایەنگرانی خۆیان.

ئەو دیسان (وەك پیشەی هەمیشەییان) پەکەکە و گرووپی گولەنیشی بە تیرۆریست لە قەڵەم دا و بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ هێندا و ئەوروپاشی لەگەڵ ئەواندا خستە یەك بەرەوە (ئەو گوتی ئەوروپاش لەگەڵ ئەوانەن، کە نایانەوێ دەنگدان بێ گۆڕینی دەستوور بکرێ؛ بە واتای لەگەڵ نەیارانی سوڵتانی مەزن ئەردۆگان و حکوومەت و حزبەکەین… ئۆگلۆ گوتیشی ئەوروپاییەکان بێیە حەز ناکەن دەستوور بگۆڕین، چونکۆ ئەوان دەترسن و دژی تورکیایەکی بەهێزن؛ بنۆڕن! نەوای گوتاری سیاسی ئەم پیاوە، هەمان نەوای گوتاری ئیسلامی سەلەفی و ناسیۆنالیستی هەگەزپەرستە؛ خۆ لە خۆڕایش نەبوو، کە چەند جارێك ناوی مەهەپەی هاوپەیمانیانی هێنا).

ئەوەی سەیرە، چاوش ئۆگلۆ بە ئازادی خۆی قسەی دەکرد، بەڵام ئەوەی لەبیر کرد، کە ئەو ئێستا لە ئەوروپای دیموکراتیدا وا هێرش دەکا و ئەوروپا تاوانبار دەکا.

ئەوەی مایەی گاڵتەجاڕیش بوو، جەنابی وەزیرەکەی ئەردۆگان نموونەی دیمکراسییەتی خۆیان و ژیانی کۆمەڵگەی تورکیای لە نموونەی دیموکراسییەت و ژیانی کۆمەڵگەکانی وڵاتانی ئەوروپای پڕ باشتر

بوو. ئەو وەك هەر زۆڵكی سیاسی تورکیش، کە ڕقی مێژوویيان لە کورد هەیە، کاتێك کە ستایشی کەمەگەی تورکیا و گەلی تورکیای دەکرد، باسی هەموو کەمینە ئایینیی و نەتەوەییەکانی کرد، تەنها ناوی کوردی نەهێنا؛ بێ گومان ئەمە بەڵکەوت نەبووە، بەکو بە ئەنقەست بووە، ئەنقەستکی زۆری فاشیستانە (پێدەچێ لەم قۆناغەدا ئەم ڕەحە فاشیستانەیە بەشکی زۆری شەقامی تورکیشی داگرتبێتەوە).

×××

هیستیریا کەمیدیاییەکەی حکوومەتی ئاکەپە گەیشتۆتە ئەو ئاستەی، کە حوکمی گرتنی ئەوەندە سەد ساڵە بەسەر ساڵح موسلیم – دا بسەپێنن.

باشە سەیرە! خێ موسلیم هاووڵاتییەکی تورك و دەوڵەتی تورکیا نییە، دەوڵەتی ئاکەپە – تورك چ مافێکی هەیە، کە هاووڵاتی وڵاتێکی دیکە دادگایی بکا و سزا بدا و بگرێ؟

دیسان ئەمەش بەندە بەو حەز و مەیلە داگیرکارییەی، کە بە درێژایی مێژوو تورکەکان لەم ناوچەیەدا هەیانبووە: کوردستان و قوبرس و سوریاش نموونەی هەرە زیندووی ئەم سەردەمەن.

بەختیار محەمەد

پانۆرامای بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە کوردستان … ئامادەکردنی : دکتۆر ناجح گۆپی


پاش هەڵگیرسانی شەڕی ئێران – ئێراق 22/9/1980 کە ماوەی هەشت ساڵ بەردەوامی بوو لە 8/8/1988 کۆتایی هات، بەهۆی لایەنگری زۆربەی وڵاتانی زل هێز لە عێراق دژ بە ئێران، ئاویش بە مەبەستی بەربەست دانان لەگەشەسەندنی دەوڵەتی ئیسلامی و هێنارەکردنی فکری ئیسلامی بۆ دەروەی سنورەکەی، لەم ڕوانگەیەوە زل هێزەکان بەهەموو شێوەیەک

پشتیوانی تەواویان بۆ عراق جادا بوو،هاوکات زۆربەی وڵاتانی عەرەبیش پشتیوانی عێراق بون بەجگە لە (سوریا و لیبیا) کە هاوکاری ئێران بوون، بەهۆی بڕگەگرتنی ووڵاتی ئیران دژ بەهەموویان ،بیریان لە بەکار هێنانی چەکی کەکوژ کردوە ئەویش چەکی کیمیایی بوو، سەرباری ئەوەی عیراق لە ڕیزی ئەو 120 وڵاتە بوو واژۆی پەیمان نامەی جنێڤی ساڵی 1925 کردبوو کە باس لەقەدەغەکردنی بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دەکات ، پاش ئەوەی عیراق چەکی کیمییای و مادەکانی بەرهەم هێنانی دەس کەوت، گەپی سەوزی بۆ هێکرا بۆ بەکارهێنانی ،کە بۆپڵی یاسا نێو دوڵەتیەکان نابەت چەکی کەکوژ بەکار بەت لەجەنگدا، لەبەرکانی جەنگی نیوان سەربازانی عیراق و ئێران بەچەی بەکاریان هێنا، تەنانەت سەربازی عیراقیش بەردەکەوتن، لەبەدا نامانەوە باس لە بەکار هێنانی چەکی کیمیایی بکەین دژ بە سوپای ئێران بەڵکو دەینە سەر تەوەرەکەی خەمان ئەویش بەکار هێنانی چەکی کیمییایە دژی گەلی کورد.....

[بۆ درێژەی بابەت کلیکی ئێرە بکەن ...]

نووسینەکانی ئازدەرو سرووت لە پەنهان ... نەوزاد یوسف کاکەیی

ڕۆمان



[بۆ خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە کلیکی ئێرە بکەن ...]

ژمارە سێی بەناوکراوەی شیعر بەناوکرایەوە

لە هەفتەی ئابردووەدا ژمارەی سێیەمی بەناوکراوەی شیعر، چاپکراو ئێستا لەکتێبخانەکاندا دەستدەکەوێت.

بەناوکراوەی شیعر، کەتایبەتە بە نووسین و وەرگێڕان لەبارەی شیعرەوە لەلایەن هەریەک زانیار محەمەدو پشتیوان عەلی و ئارام سدیقەوە سەرپەرشتی دەکرێت جگە لەچەندان گوتار و شیعری وەرگێڕدراوی بیانی، هەروەها گوتاری نووسەرانی وەك د.محەمەد کەمال و بەیان سەلمان و زانیار محەمەد و ئارام سدیق و پشتیوان عەلی لەخۆگرتووە.

جگە لە دەقی شیعری هەر یەک لە شاعیران "ژان ژونێ، پێڕ سیلان، هێدەرلین، ئێدیت سودەرگران و سێرگی یەسێنین" هاوکات گوتار و لێکۆڵینەوەی هەریەک لە "ئالان بادیو، جێرەد. ئێڵ.برێنز، بنیامین پێرێ، مارتن هایدگەر و نزار ئاگری" لە خۆگرتووە، کە هەر یەک لە (وەلید عومەر، پەیمان عەلیپوور، فازێ مەحمود وەلی، شاهێ عوسمان، شوان ئەحمەد) گوتار و لێکۆڵینەوەکانیان وەرگێڕاوە. ئەمە بجگە لە گوتارێکی د. محەمەد کەمال لەبارەی شیعری هێدەرلینەوە و هاوکات لێکۆڵینەوەیەکی تەروتەسەلی خاتوو بەیان سەلمان لەسەر ژیان و شیعریی ئارتەر ڕامبۆ.
هاوکات زانیار محەمەد لە گوتارێکدا ڕێخنەی شیعری ئامیار مەحمود و ئارام سدیقیش ڕێخنەی ئەزموونە شیعرییەکەی کەژاڵ ئەحمەد و پشتیوانم عەلیش ڕێخنەی لە دونیای شیعری بەرژ ئاکرەیی گرتووە.

ئەم ژمارەیەی بەناوکراوەی شیعر لە دوتوێی 298 لاپەڕەدا چاپ و بەناوکراوەتەوە و نرخی تەنها 1500 دینارە.

بیرەوەریەکانیان بە پێی پێداویستیەکانی ڕۆژ دەنوسنەوە ! عیماد عەلی

ئەگەر بە سەرپێی، بەراوردێکی کورت مەودا لە نێوان یادەوەری خەڵک و سەرکردەو پیاوی دیاری ڕۆژئاواو ئەوانەی لای خۆمان بکەین، لە سەرەتادا بۆت دەردەکەوێت کە ئەمانەی ئێرە هیچ هەڵە و کەموکورتی و خراپەیەکیان نەکردووە و مەعسوم بوون لە هەموو کارێکی نابەجێ، لە هەڵەتی لاوێتیەوە بگرە تاوەکو ڕۆژگاری ئەمڕۆمان، تەنانەت ئەگەر بە خێیان هەڵکاری ڕوودواوە گەورە و خەتەرناك و کوشندەکانیش بووبن !! لە ڕووی سیاسیەوە نە شەری نێوخێ بووە و نەدەستدرێژی کراوەتە سەری ئەوی تری ناکۆك، نە خێ پەرستی و خۆدەربازبون بووە لە بەرپرسیارێتی و نەش سازش و تەسلیم بون و وەربەردان بووە لە لایەن خودی یادەوەری نوسانەوە .

ئەوەی تێبینی دەکرێت، کە لە ئەو یادەوەریانەوە دەردەکەون :

1- یەکەم سلبیات تێیدا بە زەقی دیارە، ئەوەیە؛ گونجاندنی ڕاڕەو و چونێتی بەرێکردنی ئەو ڕۆژانە و یادکردنەوەی بەسەرهات و ڕوداوەکان لەگەڵ پێداویستی ئەمڕۆ و سیاسەتی ڕۆژدا یەکانگیر دەکرێت و دەنوسرێتەوە .

2- هەڵسەنگاندنی کاراکەتەری سەرەکی و لاوەکیی ڕووداو و کێشەو بێشە و لادان و ناپاکیەکان، بە پێی ئاستی باشی و خراپیی پەوەندی ئەمڕۆی ئەو کەسایەتی و کارەکتەرانەیە لەگەڵ کاکی یادەوەرینوسدا . نەك وتنی حەقیقەت بە پێی ڕوداوەکە و بەو بارودۆخە خودی و بابەتیەی کە تێیدا بووە یان ڕوویداوە .

3- دورینەوەی کارو ڕووداوی گەورە و کاریگەر بە پێی ئایدیۆلۆژیای کاکی نوسەرە و" بە نیازی بەدەستهێناتی پێداویستی کەسی و ئایدیۆلۆجی و حزبی لەو سەردەمەی کە بیرەوەریەکەی تێدا نوسیوەتەوە، وەك ئەوەی بۆ ئەو قۆناغە نوسیبێتی کە تێیدا نوسراوەتەوە و بۆ ئەوەی داناوە کە بۆ ماوەیەك بێت و دواتر ئێکسپایەر بێت .

4- دوور کەوتنەوە لە سەلبیاتی خودی نوسەر و خۆ بە پەری و مەلایکە زان و نەبونی تەنانەت پلەیەکی نزم لە ڕەخنە لەخۆگرتن لە هەڵەی و پەڵەیەکی بچوك لێڕەو لەوێ ڕوویدابێت لەدەرئەنجامی بیروبۆچون و کاری ئەودا تا ئەمڕۆ مابێتەوە .

5- سازش کردن لەسەر نوسینەوەی هەندێك رووداو یان بەسەردا تێپەربون بە پێی هەڵوێستی کەسی خاوەن یادەوەری و لەبەر خاترانەی سیاسەتی رۆژ و بەرژەوەندیەکان .
6-زۆر لەبەرچاوگرتنی هاوڕێیەتی و دۆستایەتی و پەیوەندی شەخسی لەکاتی نوسینەوەی یادورەیەکاندا، لەبەر کێمەڵێك هۆکاری تایبەتی و حزبی .
7- لەبەرچاورتنی کاتی نوسینەوەی یادەوەری و خۆلادان لەحەقیقەت، لەبەر چەندین هۆکار؛ لەوانەش لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی گشتی کوردستان و سیاسەت و هاوکێشە نێوخۆیی و دەرەکیەکانی ئەمرۆ، یان لەبەر ئاامانجێکی دیاریکراوی شەخسی یادەوەرنوس، یان بۆ مەبەستێکی بچوکی سیاسی یان کێمەڵایەتی .
8- خۆلادان لە هەندێك رووداوی گرنگ و کاریگەر، کە دەرخستنی حەقیقەت لەو بارەدا زۆر پەند و دەرسی خێی دەبێت بۆ نەوەی نوێ .
بۆیە ئەوەی لە یادەوەری کەسایەتیە رۆژئاواییەکان دەیبینین لە بەراشکاوی نوسین و دەرخستنی سەرجەم روداوەکان کتومت وەك خۆی، بۆ لەبەرچاوگرتنی هیچ شتێکی رۆژ و باسکردنی سەلبیاتی خودی لە هەڵە و کەموکورتیەکانی خودی بیرەوەرینوس، یەکێکە لە خەسڵەتە جوانەکانی ئەوان و هەمەیشەدەرس و پەندی گەورە بە نەوەکانیان دەبەخشن .
بەڵام لێرە بە پێی یادەوەریەکان بێت سەرجەم نوسەرهی یادەوەریەکان چاکسازیخوازی بۆ هەڵە و کەموکورتی و بۆ کیشەو بڕشە بوون و، وەك ئەوەی ئەو گیروگرفت و کێشە گەورە و تەنانەت ناپاکیانەش خەڵکی دەرەکی دروستی کردبن نەك ئەم خاوەن یادەوەریانە و رەفتارەکانیان لەو رۆژگارانەدا .

ڕشنبیرو جورئەت … ئاری زەندینی

ڕشنبیرانی کێمەگەی ئێمە کە کێمەگەیەکی کراوە نیەو دووڕە لە کێمەگەیەکی پێشکەوتوو, ێیژەی پێشکەوتوویی کەمە!هیچ لە بوارەکانی پێشکەوتن و ژیان نایگرێتەوە نە پیشەسازی نە کشتوکاێی بەووکەش شارستانی!سەربەخۆش نیە لەووی ئابووری و تەواو ووخاولەبەشەی

باکوری عێراق که هەرێمی کوردستانە ئەمەش بووتە هۆی ئەوەی تەواو کاریگەری خۆی بەسەر دام و دەزگاکان و بواری ژیان هەبێت زیاد لەمەش کورد لەزمرەی قوناغەکانی ژیان شوناسی تەواوو ددیاریکراوی خۆی نەبووە بەردەوام لەبەردەم هەڕەشەی لەناوچوون وفەوتاندندا بووە!تا ئێستا کۆمەڵگەی کوردی بەداخراوی و بەردەوام لەخۆ بچووککردنەوەوپەراوێزدایە.لێرەدا ڕۆشنبیرەکان لەقوناغەکان ڕۆلی کاریگەریان نەبووە بەپرسیارێتی بەرامبەر کۆمەڵگەوپێشکەوتن و گۆڕانکاریەکان وکەلەپوورو کەلتووروهۆشیاری تاك,ڕۆشنبیر زادەی ئەم کۆمەڵگەوکەلتورەیەو هەوڵەوەیەکی دانەبڕاوی کۆمەڵگەیە ئامادەبوونکی سەرتاسەری هەیە لە ژیانی خەڵك , لێرەدا دەگەینە ئەوەی ئەرك و جورئەتی (ڕۆشنبیر) لە کۆمەڵگەدا چیە؟ لەسەر گەشەکردنی ژیانی خەڵك و سیاسەت وکەلتوور,بەڕۆ ڕۆشنبیر دەتوانێ تۆی یاخیبوون لە ناخی خۆی وتاکی کۆمەڵگە بچێنێ , هەخنەی هاوچەرخ و سەردەمیانەی بێ ترس و دوور لە تۆادیسۆن و کاریگەر بخوڵقێنێ, ڕۆشنبیر بە هەستوکەوتیش دەبێ بیسەلمێنێ کە مرۆڤەکی هوشیارەو تا بوونی خۆی جێگیربکات. (ڕۆشنبیری بە جورئەت) خاوەن دیدگایەکی فیکری و هەخنەیەوچاودێرەو هەردەم لە تۆامان و بیرکردنەوەیە. ڕۆشنبیرانی ئێمە دەبێ سەرەتا گشت ژیان و گیانی خۆی بۆئەم پیشەیە تەرخان بکات ئامادەی ئەوەبن تیۆڕوسەرکوتبکرێن!بۆیە دەبێ بە دوو دڵی دژی ستەم و زۆرداری بووەستنەوە, پێویستە ڕۆشنبیران مامەڵەی لەگەڵ ئەزموونەکان بکەن لە پێناوی دادپەروەری وسەربەخۆیی,وتەکانیان بەرهەمەکانیان ئاڕاستەی حکومەت و دەوڵەت بکەن و بڕچوونی خۆیی بێ هاوڕاتی ڕوونبکاتەوە لە هەر شوێنیك بێت.لەم قوناغەی ئێستادا ڕۆشنبیرانی ئێمە نازانن باسی چیدەکەن!؟ پەیامی ڕۆشنبیریان چیە؟ هەخنەوبەرهەمە ئەکادیمیەکانیان کامانەن؟ ڕۆشنبیرانی کورد لە دۆخکی نالەباری سیاسی و ئابووری وکۆمەڵایەتی دەژین !بەڵام لەگەڵ ئەوەش دەبێ پەیامکی ڕاستەقینەو بوێرانەی هەبێت شێلگیرانە لایەنە شاراوەکانی ئەم باروودۆخە ئاشکرا بکەن هەمیشە خوازیاری دۆخکی باشتربن بۆخۆیان و کۆمەڵگە بەڵام تێبینی دەکرێ ڕۆشنبیری کورد نەگەیشتۆتە خۆ یەکلایکردنەوەی ئەکادیمی و جورئەتانە بێ دونیایی ڕۆشنبیری ئەمڕۆمان ئەمەش زیاتر بەهۆی ئەو ناتەبایەونائومێدیولکدابڕانە نەتوانراوە دیراسەیەکی کۆمەڵگەی کوردی بکرێت لەڕووی سیاسی و فەرهەنگی و کەلتووری.جا پێویستە ڕۆشنبیری کورد دیالۆگی عاقلانەو بەویستی خۆی کەلێنەکان پڕبکاتەوە بەرەوئاڕاستەیەکی ڕوون هیچ پاساوکی نامێنێت دەتوانێ بەئاسانی کۆنتاك و دیالۆگ لەگەڵ جەماوەر و جیهان بکات وخۆی بناسێت و ناسنامەی خۆی بەڕووياندا ڕابگری کە ئێستا سەردەم

تەکنەلۆژیایە.جیاوازی ڕۆشبیری تەقلید و ڕۆتیناوی و ڕۆشنبیری بەجورئەت خاڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە بە هەڵوێستەکانیان,چونکە ئەو شتانەی داکۆکی و پاڵپشتی دەکەن کەمەڕۆ پێوەرن بۆ ڕۆشنبیری ڕاستەقینە!ڕۆشبیری ڕاستەقینە تووشی حالەتی تۆقان ولێدان و سێدارە دەبنەوە.هەر ناوچەوشوێنێك ڕۆشنبیری تایبەت بەخۆی بەرهەم هێناوە.لە مێژووی نوێدا هەر شۆڕشێك کرابێ بەبێ ڕۆشنبیر نەکراوە, ڕۆشنبیر دایك وباوکی کەمەگەی زیندووون ئەم ئامادەیەش لەوەدا گرنگە کە ئازایانەو جەسوورانە ئیلتیزامیان هەبێ و کە ناتوانن لەگەڵ ژیانێکی ڕۆتین وبێزارکەر خۆیان بگونجێنن.

ئەوروپا دەیەوێت گۆڕانکاری ڕیشەیی لە سیستەمی وەرگرتنی پەنابەراندا بکات

بەرپرسی دێسیەی چاکسازی لە سیستەمی پێدانی مافی پەنابەرێتی لە ووڵاتانی یەکێتی ئەوروپا لەچوارچێوەی یاساکانی ڕۆکەوتنامەی دبلندا ، ڕەشنوسێکی لەبەردەشنایی ڕاپۆرتێکی کەمسیۆنی ئەوروپا بە ئامانجی چاکسازی لەو سیستەمەدا پێشکەش بە پەرلەمانی ئەوروپا کرد. سیسیلیا ڤیکسترۆم ، کە هاوکات ئەندامی پەرلەمانی ئەورپایە و بەرپرسی دێسیەی چاکسایە لە سیستەمی پێدانی مافی پەنابەرێتی یەکێتی ئەوروپا ، چەند پێشنارێکی خستەتە بەردەم پەرلەمانی ئەوروپا بەمەبەستی گفتوگۆکردنیان و پاشان پەسەندکردنیان وەك چاکسازیەك لەو سیستەمەدا.

ئەوەی جێگەی تێبینیە کە بەهیچ شێوەیەك لە ڕاپۆرتەکەدا باس لەو پێشنیارە تۆندانە نەکراوە کە پێشتر لەلایەن بەشێك لە کەسایەتیە سیاسیەکانی ئەوروپاوە بەمەبەستی کەمکردنەوەی لێشاوی کۆچ دەخرانەڕوو ، وەك سیاستی گرتن و گێرانەوەی کۆچبەرانی دەریایی قاچاخ یان بەندکردنی کۆچبەران لە دوورگەکاندا هەربەوجۆرەی کەلە ئێستادا ئوسترالیا لەبەرامبەر کۆچبەرانی دەریایی قاچاخدا پیادەی دەکات ، بەڵکو چەندین ڕۆشنبیر کە زیاتر جەخت لە قۆناغی دوای گەشتنی

پەنابەران بۆناو یەکێتیەکە دەکاتەوە.

یەکێك لەو پێشنیارانە دەڵێت ئەگەر هەر وواڵاتێکی یەکێتیەکە قبووڵی نەکرد ئەو ئاژەیە لە ژمارەی پەنابەران وەربگرێت کە بڕیاری دەکرێت ، پێویستە ئەو وواڵاتە بڕی 250 هەزار یۆرۆ بدات بە یەکێتیەکە لەبری هەتکردنەوەی هەر پەناخوازێك. ئەگەر هەر وواڵاتێکیش هەتیکردوە کە هەر بەشداری بکات لەو سیستەمی دابەشکردنی پەناخوازان بەسەر ئەندامی یەکێتیەکەدا ، ئەو وواڵاتە ناتوانێت سودمەند بێت لەهاریکاریە دارایە پێکەوەیەکانی یەکێتیەکە.

یەکێك لەو پێشنارانەش کە پێدەچێت لە بەرژەوەندی پەنابەران بێت ئەوەیە کە ئاپۆرتەکە باس لە خێراکردنی پرۆسەی یەکگرتنەوەی خێزانەکان دەکات ودەڵێت دەبێت بایەخێکی تایبەت بەو منداڵانە بدرێت کە دەکەونە ناو ئەو پرۆسەیەوە. یەکێکی تریش لەو پێشنیارانە دەڵێت ئەو کەسانەی کە داوای پارێزگاری نێودەوڵەتی دەکەن ئەو بژاردەیەیان پێدەدرێت کە بە گروپ ئەو داوایە لەکاتی گەشتنیان بە ئەوروپا پێشکەش بکەن بەومەرجەی هیچ گروپێك لە 30 کەس زیاتر نەبێت.
بەگوێرەی ئاگەیەندراوێکی میدیایی کەلەسەر ماڵپەری یەکێتی ئەوروپا بڵاوکراوەتەوە ، ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا هەتا 23 ی مانگی ئازاریان لەبەردەستە بۆ ئەنجامدانی هەر هەموارکردنەوەیەك لەو ئاپۆرتەدا و لەپاش پەسەندکردنی ، پەرلەمانی ئەوروپا دەکەوێتە گفتوگۆوە لەگەڵ کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەوروپا بەمەبەستی ئەککەوتن لەسەر هەشنوسی کۆتایی پڕۆژە بڕیارەکە.

هێژار تۆها

_____

سەرچاوەکان : ماڵپەری پەرلەمانی ئەوروپا ، ئاژانسەکان

جۆن نیوبڕی هاوڕێی منداڵان...

ڕەزا شوان

جۆن نیوبەری ئینگلیزی، بەناوکڕاوە و فرۆشیاری کتێبی بواری ئەدەبی منداڵان.
لە (٩ی/ یەلیە/١٧١٣) لە (بیرکشەر) لە ئینگلتەرا لە دایک بووە.

هەندە لە لێکۆڵەرانی و نووسەرانی مێژووی ئەدەبی منداڵان پێیان وایە، کە ئەدەبی ڕاستیی منداڵان لە جۆن نیوبەرییەوە دەستی پێکرد.. چونکە جۆن نیوبەری بە تەنها چاپکەر و بەناوکڕ و فرۆشیاری کتێبی منداڵان نەبوو، بەڵکو چیرۆکنووسێکی بە توانا و ناسرواى بواری چیرۆکنووسینیش بوو بە منداڵان.. دوو کتێبە بەناوبانگە و بەنرخە چاپکراوەکەی بە منداڵان، کتێبی (گیرفانێکی بچکۆڵەی جوان: ١٧٤٤) و (جووتە پەڕاوی باش: ١٧٦٥) بە بەرزترین کارە ئەدەبییەکانی جۆن نیوبەری دادەنرێن.
جۆن نیوبەری خاوەنی (یەکەمین کتێبخانەی منداڵان لە جیهان)ە، یەکەمین کەسیشە کە کتێبخانەیەکی تایبەتە بوو فرۆشتنی کتێبی منداڵان کردوە.. جۆن نیوبەری ڕۆڵی گرنگ و هەبوو لە گۆشەکردن و پشکۆتنی ڕۆشنبیری و ئەدەبی منداڵان لە ئینگلتەرا و لە جیهاندا.. زیاتر لە (٢٠٠) کتێبی بە زمانی ئینگلیزی بە منداڵان لە چاپخانەکەی خۆیدا، چاپکردن و بەناوی کردووەتەوە، کە بابەتەکانیان بریتین لە چیرۆک و لە هەقایەت و چیرۆکی فۆلکلۆری و ئەفسانەیی و، داستان و لە چیرۆکە میللییەکان.. ئەم ژمارەیەش بە ئەوە سەردەمە ژمارەیەکی پەوانەیی بوو.. بەیە لە ئینگلتەرادا، جۆن نیوبەری بە (باوکی ڕاستیی ئەدەبی منداڵان) ناسراوە.. شایەنی باسیشە کتێبە چاپکراوەکانی جۆن نیوبەری لە ڕووی چاپی بەرگەکانیان و جۆری کاغەزەکانیانەوە جیاوازیان هەیە لەگەڵ کتێبە چاپکراوەکانی ئەو سەردەمەدا.. بەرگی کتێبەکانی بە نەخش و وێنەی زەر جوان ڕازاندوونەتەوە، کاغەزی لاپەڕەکانیشی ڕەنگ زەڵەنن، کە بە تایبەتی لە وەاتی هەڵەندا دروست دەکران.

جۆن نیوبەری داوای لە نووسەرە ناسراوەکانی سەردەمەکەی کرد، کە چیرۆک و ڕەمانەکانیان بە شێوەیەکی کورت و ئاسان بە منداڵان دابەڕێنەوە، تا چاپیان بکات و بەاویان بکاتەوە.
نیوبەری خۆی دوو شاکارە ڕەمانی جیهانی کورت کردنەوە، کە بە زمانێکی ئاسان و شیرینتر و، بە شێوازێکی ناسکتر دووبارە بە منداڵان دایشتوونەتەوە و چاپی کردوون و بەاوی کردنەتەوە، تا لەگەڵ ئاستی زمان و تێگەیشتنی منداڵاندا بگونجێن.. ئەو دوو

ڕەمانە کورتکراوەیەش، یەکەمیان ڕەمانی (ڕۆبنسۆن کرۆز) یە، لە نووسینی (دانیاڵ دیفۆ) یە، ڕەمانی (گەشتەکانی گەلیڤەر) کە لە نووسینی (جۆناسان سویفت)ە.

نیووبەری لەگەڵ زەربەی نووسەرە بە ناوبانگ و ناسراوەکانی سەردەمەکەیدا، هاوڵێتی و ئاشنایەیی هەبوو، بە تایبەتیش لەگەڵ (بلەک) و (گەڵد سمیس) و (سمۆیل جۆنسۆن) و چەند نووسەرێکی تردا.. سەرسامی نووسینەکانیان بووە.. بەواش وایە کە هەندێک لەو کتێبە خشانەی کە نیوبەری چاپی کردوون و بەاوی کردووونەتەوە، لە نووسینی گەڵد سمیس بن.. کا تا ئەمڕۆش چەژێکی خۆش لەو کتێبانە وەردەگیرێن.
کتێبخانەکەی نیوبەری کە لە شاری لەندەن بوو بە ناوی (ئەنجیل و خەر)ەوە بوو.

وتارنووسی بەناوبانگی ئینگلیزی (تۆماس بابنگتۆن ماکوکی) ئەو لە سەدەی نۆزدەمیندا نازناوی (نیووبەری هاوڵێی منداڵان)ی لە جۆن نیوبەری نا.
بە هەمیشە بەرزەاگرتنی دڵسۆزی و خزمەتی پیرۆزی جۆن نیوبەری لە بواری ئەدەبی منداڵان و کتێبی منداڵان دا، چەندین قوتابخانە و کتێبخانە و فرۆشگای کتێب و دەزگای ڕۆشنبیری و کەمپەین لە ئینگلتەرادا، بە ناوی (نیوبەری) یەوە ناونراون.
جۆن نیوبەری لە (٢٢ی/ دەسەمبەر/١٧٦٧) دا، لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.

خزمەاتی نیوبەری:

لە ئەمریکادا، بە بەرزەاگرتن و نەمری جۆن نیوبەری، بە هاندانی نووسەرانی بواری ئەدەبی منداڵان، ساڵانە خەڵاتێک بە ناوی خەڵاتی (میدالیای نیوبەری) کە لە (برونز) بە شێوەیەکی خۆ دروستکراوە و نەخشی کتێبێکی کراوەی لەسەر دروست کراوە.. میدالییەکەش لە لایەن هونەرمەند (پۆل تشامبلان) ەوە کێشراوە.. ناوی نووسەری براوەی میدالیاکە و مژووی بردنەوەی لەسەر هەڵدەکەنن، وەکو خەڵاتی ڕزلێنان، لە لایەن (کەمەڵەی کتیبخانەکانی ئەمریکا)ەوە پێشکێش دەکرێت بە باشترین نووسەری ئەمریکی لە بواری ئەدەبی منداڵان لە ساڵی ڕابردووەدا، بە مەرجێک کە نووسەرەکەی ئەمریکی بێت و، بە زمانی ئینگلیزی کتێبەکەی نووسیبێ و پێشتر چاپی نەکردووبێت.. ئەم خەڵاتەش لە ساڵی (١٩٢١) لە لایەن (فردریک میلشەر) ی سەرەکی ئەنجوومەنی بەڕێوبردنی کەمپانیای چاپ و بڵاوکردنەوە کتێب گۆڤارەکانەوە داهێنرا و پێشکێش کرا.

یەکەمین خەڵاتگریش لە ساڵی (١٩٢٢) دا، بەخشیان بە (هێندریک ولیەم).

خەڵاتی ئەمساڵ (٢٠١٧) بەخشیان بەچیرۆکنووس، خاتوو (کیلی بارنهیل) بە بردنەوەی
چیرۆکی کە لە ژیر ناوی (ئەو کچەی کە مانگی خواردەوە).. کە پاڵەوانەکەی کچێکی منداڵە بە ناوی(لونا) وە.
هەر لە ئەمریکادا لە ساڵی (١٩٣٨) تەوە، ساڵانە و هاوکات لەگەڵ پێشکەش کردنی خەڵاتەکەی نیوبەری، خەڵاتێکی تر بە ناوی (میدالیای کاڵدیکوت)، پێشکەش بە هونەرمەندێکی وێنەکێشی منداڵان دەکرێت، ئەم خەڵاتەش بە رەزلێنان و بەرزڕاگرتنی ناو و یادی هونەرمەندی وێنەکێشی بە ناوبانگی ئینگلیزی (راندۆڵف کاڵدیکوت)ە، کە کە لە سەدەی نۆزدەمین دا، پسپۆر بوو لە وێنەکیشان بە منداڵان،.. میدالیای کاڵدیکوت پێشکەش دەکرێت بە نەخشەساز و وێنەکێشی باشترین و جوانترین کتێبی چاپکراوی وێنەداری ڕەنگا و ڕەنگی منداڵان کە لە ساڵی ڕابردوودا لە ئەمریکادا. چاپکراوە.

ڕەزا شوان
نەرویج: ٢٠١٧

لە زەماوەندی مەرگی پەپولە … سەرهەنگ خامۆش

من هەبوارێکی سەرهەڵگرتوی
بەردەم وەستگەکانی فیراقم
لە هەموو تارمینالەکانی سەفەر
مەری هەڤز
بە پاسپۆرتەکەی عیشقەوە نوساوە

ترسم لە بوونی خەم هەیە
منێک
تەنیا لەکەنارەکانی تەنیایی
خەیاڵ بەرەو ئەم دەڤەرەم دەبا

کە خاپیە
لە سیما جوانەکانی تە و نیشتیمان

من دەمەکە
بەدەم زەردەخەنەی(با)وە
لە شەقامەکانی تەنیایی گوزەر دەکەم
ماندووم
تەنانەت تاقەتی ئەوەشم نەماوە
داوای لێبوردن
لە گەلا وەریوەکانی ژێر پێم بکەم

تروسکاییەک شک نابەم
لە درزی پەنجەرەکانی یەقینەوە
بەژێتە نەو
پێلوی چاوەکانی قەدەر

لە کونجکی ژوورەکی تاریک
خەریکم بەدیار بیرەوەرییەکان
پێکی تەنیایی هەڵدەدەم
ئاخر من
هەر لە خامۆشی ڕاهاتووم
ئەی یار

ماندووم...
بیرم لای سیمای پە ویقاری دایکمە
ئەو کاتەی
بە شیرینترین دوعا بەڕێی کردم
بیرم لای شەقامە تەنیوەکانی شارەکەمە
کە هەموو بەیانیەک
پە دەبەت لە پێلکی گوە و
پاساری بە ڕەح...
بیرم لای ئەو پەنجەرەیە
کە دوای هەموو ئەوارێیەکی نارنجی
پە دەبوو
لە هەڵمی هەناسەی من و تە...

بیرم لای ئەو منانانەی گەڕەکە
کە لە چاوشارکێ

لە کوچەو کۆلانەکاندا
خەیان لە یەکتر وون دەکرد
لای ئەم ژنە داماوانەی بەر دەرگا
کە هەمیشە لە تارمایی گۆلانەوەی
هاوسەرە وون بووەکانیان ئادەمان...

ئەم سەفەرە
لەنەو خەمدا بەدوای خەمدا دەگۆڕم
تا دەگەمە نزیکترین خاڵی کۆتایی
کۆتاییەک لەبەردەم بوون
بوونێک
کە هەمیشە پڕ لە نەبوون...

تەمەن
خەی خستە نەو مالۆچکەیەک
پە لە بیرەوەری
تارمایی چاوانیشم
پە بوون لە لەچی چاوگەوانی
کەچی تە هەر لەم زویری
نیشتیمانیش
هەر وەکو خەی تۆیە لەم

چیت بە بگۆمەوە ئەی یار
لە زەماوەندی مەرگی پەپوولە
تارای بوکێنی شیعرەکانیان فڕاندم
دەی زاوای نوستووی نیشتمانیان
لە وێناگا هەنام...
شۆیان ڕەشتر کرد لەخەی
نەیانهەشت مانگ دەسرەکەی سپی
لە پرچی خەی بئاڵێنی
شاریان پە کرد لە گەندەڵی
پە لە هاواری مەرگی دوعا...

ناچار دە غەریب وەک شیعرەکانم
لەگەڵ سەبەری خەم و تەنیایی
هەنگاو دەنەم
تا دەگەمە ئۆپێڕای بوون
لە یەکە لە گۆستانەکانی(مەسیح)دا

دوور لە بەنی تۆ و دایکم و نیشتیمان
دەمنێژن...

چەند ماندووم ئەی یار
تەش پەم دەەی:
چی دەکەی
لەم وشکەانەی نامە بوون خامەش
بگەەوە...
تا کازیوە پرچی سەحەری شانە نەکردووە
بە دوو ەکاعات نوێژ
بە خودای عەشق بکە
ئەلقەی مەرگ
لە پەنجە زەردو سیسەکانی (خەر) کەوە
هەی بە دە..بە دین..بە نیشتیمان...!!